ڕێساکانی نەزم و ڕەفتار بۆ خانووەکانی شارەوانی

گشت ئەو کەسانەی کە لە خانووی شارەوانیدا ئەژین ئەبێ لە بەدیهێنانی ژینگەیەکی باش و گوونجاو بۆ ژیان بەشدار بن. تۆ وەک کرێچی هەروەها لە ڕەفتار و کرداری میوانەکانیشت بەرپرسیاریت.

1. ئارامی و هێمنی گشتی

a. ئەبێ لە نێوان کاتژمێر 23.00 تا کاتژمێر 07.00 بەیانی لە ناوەوەو لە دەرەوەی ماڵەکەت بێدەنگی بپارێزرێت. لە ماوەی شەورۆژیشدا ئەبێ جیرانەکانت لەبەرچاو بگریت.

b. دەرگای سەرەکی دەرەوەو دەرگای ژێرزەمین و ژووری هەورەبان [loft] ئەبێ بەردەوام داخراو بن.

2. خانووەکە

a. تۆ وەک کرێچی لە پاک و خاوێن کردنەوەو ئاگالێبوونی ماڵەکەت بەرپرسیاریت. تۆ هەروەها بەرپرسیاریت کە ئەگەر بێتوو زەرەرو زیان بە خانوەکە بگات یا ئاژەڵی نەخوازراو لە ماڵەکەتدا ببینیت یەکسەر ئەمە ڕابگەیێنیت.

b. بێجگە لە کاغەزی تەواڵێت نابێ هیچ شتێکی تر بهاوێژرێتە ناو کاسەی تەواڵێت. تۆ هەروەها لە مە بەرپرسیاریت کە زێراب و ئاوەڕۆ بە کراوەیی ڕابگریت و ئەگەر تەواڵێتیش گیرا بۆ خۆت بیکەیتەوەو پاکی کەیتەوە.

c. بۆ بەرگری کردن لەوەی کە بە هۆی شێ و کەڕو زیان بە ماڵەکە بگات ئەبێ هەواکێشەکان بەردەوام کراوە بن و هەوای ناو ماڵەکەت ناوە بە ناوە بگۆڕیت. لەکاتی دروستکردنی خواردندا هەواکێشی چێشتخانە هەمیشە کراوە بێت.

d. هەڵواسینی ئەنتێن یا ئاریەڵی دەرەکی ڕێگەی پێنادرێت.

e. تەکاندن و ڕاوەشاندنی فەرش و مافوور و ڕایەخ لە باڵکۆن یا لە پەنجەرەوە ڕێگەی پێنادرێت.

f. پێدانی خواردن بە باڵندەکان لە ماڵی خۆتەوە ڕا ڕێگەی پێنادرێت.

g. تۆ لە گۆڕینی باتری ئاگادارکەرەوەی ئاگرکەوتنەوە بەرپرسیاریت و هەروەها ئەبێ ئامێری ئاگرکووژاندنەوە بەلانی کەمەوە ساڵی جارێک سەروبن بکرێت.

3. شوێنە گشتیەکان

a. کەلوپەلی شەخسی ئەبێ لە ناو ماڵی خۆتدا یا لە ناو مەخزەن یا ئەنباری خۆتدا هەڵبگیریت. ئەو کەلوپەلانەی کە لە ناوچەکانی گشتیدا هەڵئەگیررێن بەبێ ئاگادارکردنەوە لەلایەن خاوەن ماڵ لائەبرێن.

b. نابێ ئۆتۆمبێلی تۆمار نەکراو یا ئۆتۆمبێلەکانی تر لە مڵکی شارەوانیدا ڕابگیرێن.

c. گشت کرێچییەک لەسەری ئەرکە کە ڕەچاوی ڕێساکانی شارەوانی ترۆندهایم بۆ جیاکردنەوەی زبڵ و پاشماوەی ماڵەوە بکات. کەلوپەل و زبڵ هەرگیز نابێ لە دەرەوەی حاویە یا سەتڵی زبڵی شارەوانی دابنرێن. کەلوپەلی گەورە ئەبێ بۆ خۆت بۆ شوێنی وەرگرتنی زبڵ ببەیت.

4. ڕاگرتنی ئاژەڵ

a. بەشێوەیەکی گشتی ڕێگە بە ڕاگرتنی دوو ئاژەڵی ماڵی وەک سەگ و پشیلە ئەدرێت. ئەگەر بێتوو ئاژەڵەکان ببنە هۆی بێزارکردنی هاوسێکان و یا زیان گەیاندن بە خانووەکە، شارەوانی ترۆندهایم ئەتوانێت ڕێگەپێدانی ڕاگرتنی ئاژەڵ هەڵبوەشێنێتەوە.

5. پێشێلکردنی ڕێساکانی نەزم و ڕەفتاری ماڵ

a. ڕێساکانی نەزم و ڕەفتار بەشێکن لە گرێبەستی خانووەکە. پێشێل کردنی ئەم ڕێسایانە وەک پێشێل کردنی گرێبەستی خانوو سەیر ئەکرێت و ئەتوانرێ داوای قەرەبووکردنەوەی لێبکەیتەوەو ئەتوانرێ گرێبەستی خانووەکە پووچەل بکرێتەوە یا یەکسەر هەڵبوەشێنرێتەوە.

6. سکاڵا یا شکایەت لە سەر ژینگەی ژیان

a. ئەگەر بێتوو هاوسێکەت ڕێساکانی نەزم و ڕەفتاری ماڵ پێشیل بکات یا ببێتە هۆی بێزارکردنتان، ئەتوانن سکاڵا یا شکایەت بە شێوەی نووسراو بۆ شارەوانی ترۆندهایم بنێرن. بۆ ئەمە ئەتوانن کەڵک لە فۆرمێکی ئینتەرنیتی بە ناوی «Klage på bomiljø» (سکاڵا لە سەر ژینگەی ژیان) وەربگرن و ئەمەش لە ڕێگەی ئیمەیلی bomiljo@trondheim.kommune.no یا لە ڕێگەی نامەیەکی نووسراو بنێرن.